# جفرەی پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق لە سەردەمی کازمی

17-12-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** سەردانی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ تورکیا کە بڕیارە ئەمڕۆ17/12/2020 بۆ تورکیا بکرێ بایەخدارە، بەڵام ئەستەمە بتوانێ وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی هەردوولا و هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناوچەکە درووستبکات.

**زریان رۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

سەردانی مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ تورکیا کە بڕیارە ئەمڕۆ17/12/2020 بۆ تورکیا بکرێ بایەخدارە، بەڵام ئەستەمە بتوانێ وەرچەرخانێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی هەردوولا و هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناوچەکە دروستبکات.

ئەگەر تەماشای لیستی سەردانەکانی سەرۆکوەزیران بۆ دەرەوەی وڵات بکەین، وادەردەکەوێت کە مستەفا کازمی لانیکەم دوای سەردانی 4 پایتەختی جیاوازی دیکەی ناوچەیی ـ نیودەوڵەتی، ئەویش دوای چەندین مانگ و لانیکەمیش پاش دوو پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرکۆماری تورکیا، تازە بەتازە بڕیاری داوە سەردانی ئەنقەرە بکات. بێگومان ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە تورکیا بۆعێراق کەمبایەخە، بەڵام دەشێ لەبەر ئەوە بێت کە دۆسییەی پەیوەندییەکانی هەردوولا هەم ئاڵۆزە، هەم لەژێر کاریگەریی گەلێك فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکیدایە و کازمی بە تەنیا دەرەقەتی نایەت.

**پاڵنەرەکانی سەردانەکەی کازمی**

لەچاو چەند مانگ بەرلە ئێستا، مستەفا کازمی لە ئاستی نێوخۆییدا لاوازتر دەردەکەوێت و لەوانەیە بە تەمابێت لەڕێی پەیوەندییە دەرەکییەکانەوە تۆزێك پێگەی ناوخۆیی خۆی بەهێزتر بکات. تورکیا دەتوانێت رۆڵێکی هاوسەنگیکەری لەسەر پێگەی کازمی لەنێوخۆی عێراق هەبێت کە لەبەر هێزەکانی نزیك لە ئێران، ناتوانێ بە دڵی خۆی بجوڵێتەوە.

مستەفا کازمی بۆ بەهێزبوون لە نێوخۆ پێویستی بە تورکیا هەیە. ئەگەر بتوانیت هاوشێوەی ئەوەی کە لە شەنگال کردی- هەرچەند تا ئێستا بەتەواوی سەرینەگرتووە- رێککەوتنێك لەبارەی کەرکووکیش بکات، ئەوسا دەتوانێت وەك سەرۆکوەزیرێك خۆی وێنا بکات کە توانیویەتی بەشێوەی رێژەیی پرسێکی گرنگی خاك لە وڵاتەکەی چارەسەربکات. هەرێمی کوردستان بەهۆی گرفتە داراییەکانەوە ناتوانێ زۆر لە قسەی  کازمی دەربچێت و ئەوەی دەتوانێ گرفتی بۆ دروستبکات تورکیا و تورکمانەکان ولانیکەم بەشێك لە حەشدی شەعبییە. هەواڵ و زانیاری زۆر هەن لەبارەی ئەگەری رێککەوتنی کەرکوك، ئەگەر بۆ ئەوەش بتوانێ تورکیا رازی بکات، ئەوسا دەتوانێت ئاسانتر رووبەڕووی تەگەرەکانی دیکە ببێتەوە. هەندێك لە زانیارییەکان باس لەوە دەکەن، قاسم ئەعرەجی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق کە وەك یەکێك لە ئەندازیارانی ریککەوتنی شەنگال سەیردەکرێت، دوو رۆژە لە تورکیایە و ئەگەر ئەوەش راست بێت، لەوانەیە گریمانەی هەوڵدانی ئیدارەی کازمی بۆ رازیکردنی تورکیا بە رێککەوتنێکی هاوشێوەی شەنگال بۆ کەرکووك بەهێزتر بێت.

لەلایەکی دیکەوە، کردنەوەی رێگای وشکانی تورکیا بۆ بەندەری فاو لە باشووری عێراق لەگەڵ دروستکردنەوەی هێڵی شەمەندۆفێری تورکیا- بەغدا و لەوێشەوە بۆ بەسرە، لە چوارچێوەی پرۆژەی بەندەری گەورەی فاودا- هەرچەندە هێشتا کێشەی زۆری لەسەرە- خەونی بەرپرسانی عێراقی بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان ببێتە رێڕەویکی دەریایی ـ وشکانی بۆ بازرگانیی جیهانی بەهێزتر کردووە.  باسی پرۆژەی بەندەری فاو لە 2010وە لە ئارادایە و ئەگەر سەربگرێت، دەتوانێ عێراق بکاتە ناوچەیەکی گرنگی ترانزیتی بە تایبەتی بەرەو ئەورووپا. ئەمە هەم پێگەی ئێران خراپتر دەکات ئەگەر خۆی کاریگەریی لەسەر نەبێت، هەم وەکوو لەوانەیە لە بەرژەوەندی هەندێك لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی وەکوو میسر( کەناڵی سوێز) و کوەیت( بەندەری موبارەك) و ئیماراتیش نەبێت. بێجگە لەوەش، ئاستەنگی نێوخۆیی بۆ ئەو پرۆژەیە هێشتا لانەدراون بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا لەمساڵدا زیاتر لە جاران باس لەو پرۆژەیە دەکرێت و بە پێی هەندێك لەهەواڵەکانیش، بڕیارە لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیرانیش باسی لێ بکرێت. بێجگە لەوانەش بابەتەکان ئەمن و ئاو، لەگەڵ بازرگانیش جێگەی سەرەنجی بەرپرسانی بەغدان.

**تورکیا و پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق**

تورکیا لە دۆخیکی ئابووری سەختدایە. بێکاری و گرانی و گرفتی کەمیی نەختینە رووی تێکردووە و لە سیاسەتی دەرەوەشدا تووشی گێچەڵی گەورە بووە. ئەمەش لەگەڵ دەرکەوتنی حزبی نوێ و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی سیاسەتی نێوخۆ هاوتەریبە. بۆیە بە خێرایی پێویستی بە کرانەوەیەك لەنێوخۆ و دەرەوە هەیە. پێویستی بە زیادکردنی بازرگانی و دەرفەتەکانی سەرمایەگوزاری لە عێراق هەیە. ئەگەر سەرنجی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی وەزیری دەرەوەی تورکیا لەسەر سەردانەکەی کازمی  بدەین، ئەو6 بابەتی گرنگی ریز کرد کە زۆربەیان ئابووری یان ئابووری سیاسی بوون: سەرمایەگوزاری، بازرگانی، وزە، گۆڕانکاریی ناوچەیی، بابەتی ئەمن، ڤیزا.

پێچەوانەی ئەو شرۆڤانەی کە هەموو شتێك بە پرسی پەکەکەوە دەبەستنەوە، پاڵنەری ئیستای تورکیا بۆ باشکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق زیاتر ئابوورییە. خۆی لە خۆیدا سێ بابەتە سەرەتاییەکەی کە لە زاری وەزیری دەرەوەی تورکیاوە دەرچوو ئابووری- سیاسی بوون و ئەوی دیکەشیان سیاسی و ئینجا نۆرەی ئەمن و ئاسایش هات کە تێیدا باسی هاوکاری کردنی عێراق بۆ شەڕی داعش و دواتریش باسی پەکەکەی تێدا کرا. بابەتی ڤیزاش بەجۆرێك بە پرسە ئەمنییەکانەوە گرێدراوە . واتا ئەمن لە دوایین تەوەرەکانە و ئەولەویەت بۆ ئابووری و بازرگانییە.

تورکیا پێی باشە لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچە سوننەنشینەکاندا بە تایبەتی لە موسڵ سەرمایەگوزاری بکات و وادیارە لەوەشدا گرفتی هەیە. هەندێك لە زانیارییەکان باس لە هەبوونی رێگری لەبەردەم بەشداری ژمارەیەك لە کۆمپانیاکانی تورکیا لە تەندەری پرۆژەکانی موسڵ دەکەن. وەك نموونە باس لە رێگری لەبەشداریکردنی کومپانیاکانی تورکیا لە تەندەری دوو پردی شاری موسڵ دەکرێت. هەڵبەت ئەمە تا ئێستا بە رەسمی پشتڕاست نەکراوەتەوە بەڵام، چاوشئوغڵو گوتی لیستێکی کۆمپانیاکانی تورکیامان داوەتە لایەنی عێراق کە کیشەیان بۆ درووستبووە و ئەمەش ئەگەری درووستبوونی ئەو زانیارییانە زیاتر دەکات.

تورکیا بۆ زیادکردنی بازرگانی و بۆ ئامانجی سیاسیش، دەمێکە داوای کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکوێی دەکات و وەزیری دەرەوەی تورکیاش لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکەیدا گوتی باسی ئەوەشمان کردووە. خاڵی زۆر سەرنجراکێش لە قسەکانی چاوشئوغڵوودا ئەوەبوو کە گوتی ئەوان دەیانەوێ بە هاوکاری تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوە بکەن ونایانەوێ هیچ لایەنێك پشتگوێ نەخرێت. ئەمەش لە چاو هەوڵەکانی جارانی تورکیا بە تایبەت لە دوای گشتپرسی بۆ کردنەوەی دەروازەی ئۆڤاکوێی بە بێ هەرێمی کوردستان، بە گۆڕانکارییەکی گرنگ هەژمار دەکرێت. بە پێی هەندێك لە زانیارییەکان هەرێمی کوردستانیش بە کردنەوەی ئەو دەروازەیە رازی دەبێت ئەگەر بێت و رێڕەوی جادەی پێویست بۆ ئەو دەروازەیە بێتەوە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئینجا بەرەو تەلەعفەر و شوێنەکانی دیکە بڕوات.

لەبارەی وەزەوە کێشەی هەر گەورە لە بەینی هەردوولا ئەو سکاڵایەی عێراقە لەسەر تورکیا لە دادگایەکی بازرگانی لە پاریس. عێراق داوای زیاتر لە 26 ملیار دۆلار دەکات و تورکیاش دەیەوێت نەك بە دادگا، بەڵکوو بەڕێی "پەیوەندی دۆستانە"وە ئەو پرسە یەکلابکاتەوە. هەندێك لە زانیارییەکان باس لەوە دەکەن بەشێك لەپارەی نەوت لەلایەن تورکیاوە گلدراوەتەوە و نەدراوەتەوە عێراق و هەرێمی کوردستان هەتا ئەوکاتەی کێشەکانی نێوانیان لەسەر نەوت یەکلادەکەنەوە.

لەبارەی بابەتی ئەمنیشەوە کە دوایین تەوەری قسەکانی چاوشئوغڵوو بوو، وادیارە کێشەیەکی ئەوتۆ لە بەینی عێراق و تورکیادا نییە. ئەو گوتی کە ئەوان لەگەڵ عێراق هاوڕان و دەشێ ئەمەش بە واتای رەزامەندیی بابەتییانەی عێراق بێت بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان.

**ئەنجام**

بە ئەگەری زۆر سەردانەکەی کازمی وەرچەخانیکی گەورە درووستناکات. بەڵام لەوانەیە لە دۆسییەی، رێککەوتنی گریمانەیی کەرکووك- کردنەوەی دروازەیەکی سنووریی نوێ، بابەتەکانی ئەمن و ئاودا هاوڕایی و رێککەوتنێك درووستبکات.

مستەفا کازمی دەیەوێت کارنامەی سەرۆکوەزیرێك لەدوای خۆی جێبهێڵێت کە بە تەمابووە رۆڵی بێلایەنی و درووستکردنی هاوسەنگی لە کێشمەکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بۆ وڵاتەکەی دەستەبەر بکات. ئەو باس لە میحوەری "شامی نوێ" دەکات کە جۆرێکە لە پێدانی رۆڵی هاوسەنگی و بێلایەنی بە وڵاتەکەی. هەرچەند هەلومەرجی نێوخۆیی عێراق بۆ ئەمە لەبار نییە و تا ئێستاش وڵاتە کاریگەرەکانی دنیا لە عێراق دانیان بەو رۆڵە گریمانەییەدا نەناوە کە کازمی لە زەینی خۆیدا بۆ عێراقی وێنا کردووە، بەڵام دەشێ هەر ئەو دیدگایە پاڵنەرێکی سەردانەکەی ئەو بۆ تورکیا بێت.

باسکردنی چاوشئوغڵوو لەوەی کە پێویستە هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیا پێکەوە دەروازەی ئۆڤاکوێی بکەنەوە، نیشانەی گۆڕانێکی تازەیە لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەرهەرێمی کوردستان کە پێدەچێت بەرەو سەردەمێکی دیکەی بەهێزبوونەوەی پەیوەندییەکان بچێت. ئەمە لەگەڵ زیادبوونی هەواڵەکانی ئەگەری کرانەوەی دووەم سەبارەت بە پرسی کورد لە ناوخۆی ئەو وڵاتەشدا هاوتەریبە. بە ئەگەری زۆر ئەردۆغان خۆی بۆ سەردەمی بایدن ئامادە دەکات و ئەمەش ناچاری دەکات کە لە ناوخۆ نەرمتر بێت و لە سیاسەتی دەرەوەشدا تۆزێك سوکانەکەی بشکێنێتەوەوە و بەرەو نەرمبوونەوەیەك لەگەڵ خەلیج، ئەورووپا و تەنانەت ئەمریکا بچێت و تۆزێکیش مەودای نێوانی خۆی لەگەڵ رووسیا و ئێران زیاتر بکات.